# له بەرگری له یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان له عێراقدا، ئیدانەی تەسفەویەکان و کۆدەتای ڕێکخراوەیی!!

مؤید احمـــد
muayadahmed@yahoo.co.uk

## بۆچی لەگەڵ پرۆژەکەی هاوڕێ ڕێبوار احمدا نیم؟

لەگەڵ پێشنیارەکانی هاوڕێ ڕێبوار احمد نیم کە له "نامەیەکی کراوەدا" ئاراستەی هەڵسوڕاوانی کرێکاریی کردبوو لەپەیوەند بە کێشەکانی ناو یەکێتی شوراونەقابە کرێکارییەکان، نەلەبەرئەوەی کەلە بارودۆخی ناهەمواری ئێستای عیراقدا بانگەشەی گشتی بۆ یەکگرتوویی چینی کرێکار کارێکی گرنگ نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی کە یەکگرتوویی چینی کرێکار کارێکی زۆر گرنگە، هەروەها بزووتنەوەی کرێکاریی لە ئێستای عێراقدا هەنگاوی بەرچاو دەنێت وە ئەو هەنگاوانەی بزووتنەوەی کرێکاریی لە ئێستادا دەینێت، مۆری خۆی دەنێت بە چارەنووس و شەوکەتی بزووتنەوەی کرێکاریی بۆ چەندین ساڵی تر. سیمای دەرەوەی پرۆژەکەی هاوڕێ ڕێبوار "بێلایەنی" دەنوێنێ، بەڵام بە کردەوە پرۆژەیەکی "تەرەفدار"ە ودەبێتە پاڵپشتی ئەو کۆمەڵەکەسانەی کە خۆیان کردە (وە صی) بەسەر ڕێکخراوەکەوە!

پێشنیارەکانی هاوڕێ ڕێبوار بۆ هەر چاودێرێکی دەرەکی وەک هەندێ شتی لۆجیکی و بانگەوازێک بۆ یەکگرتووکردنی ڕیزەکانی چینی کرێکار خۆی دەنوێنێ. بەڵام هەرکەسێک لەنزیکەوە ئەگەر ئاگای لە بزووتنەوەکەو یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکارییەکان بێت و ئاگای لە گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییانە بێت لە ناویدا تێدەگا کەلە نامەکەی هاوڕێ ڕێبواردا کەموکوڕی زۆر گرنگ هەیە لەوانە: بەهیچ شێوەیەک لەنامەکەدا ئیدانەی ئەو کەسانە نەکراوە کەهەستاون بە کاری تێکدەرانەو تەشهیرکردن بە یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکارییەکان. نەک هەر ئەمە بەڵکو لەسەر تێکدانی ڕێکخراوەکەو دوولەتکردنی و دەرکردنی سکەتێرەکەی ئیمتیازات وەردەگرن!!

ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە کۆمەڵێک لە ڕابەرانی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکان چەند مانگ لەوەو پێش ڕیزی ئەم ڕێکخراوەیەیان بەجێهێشت بوو و وازیان هێنابوو، لەناکاوو لەگەڵ هەندێ هەڵسوڕاوی کرێکاریی لەدەرەوەی یەکێتی شوراو.. هەستان بە بەستنی کۆبوونەوەیەک، ڕاگەیاندنیان بۆ هەموو دنیا بڵاوکردەوە کە سەرۆکێکی تریان بۆ ڕێکخراوەکە هەڵبژاردووە و فەرمانیان دەرکرد بە لابردنی فلاح علوان لە سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکەو چەندین تاوانکاری( ئیتهامات) و تەشهیریان بەرامبەر کرد. ئەم شێوەیە لە کارکرکردنی ئەمانە دوورە لەهەر پرەنسیب و مەوازینێکی نێو بزووتنەوەی کرێکاریی و پێشێلکردنی بچوکترین بەها ڕێکخراوەییەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی هاوچەرخ و مۆدێرنە، نەک هەر ئەمە بەڵکو هەستان بە داتاشینی بوختانی مالی و تەشهیرکردنێکی ئەخلاقیانە بە فلاح. پاشان هەستان بە بڵاوکردنەوەی هەموو ئەم تەشهیرە شەخسیانەو ئەم کۆدەتا ڕێکخراوەییە بۆ کۆمەڵگەوناردیان بو تەواوی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ناو عێراق وجیهان وحزبەکان. پەیامەکەیان بۆ جیهان و بزووتنەوەی کرێکاری ئەمە بوو: کە لە توانادا هەیە کۆدەتای ڕێکخراوەیی ئەنجام بدەیت وڕێکخراوێکی کرێکاریی بکەیتە دووان!. ئەم کۆمەڵە کەسە بەم داهێنانە تازەیەیان، بەم تەشهیرکردنە ئاشکرایەیان بە ڕابەرێکی کرێکاریی و بە ڕێکخراوەیەکی ڕادیکالی کرێکاریی لە عێراقدا وە بە دوولەت کردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی و تێکدانی یەکێتی شوراو...،باشترین دیاریان پێشکەش بە بۆرژوازی و حزبە کۆنەپەرستەکانی کرد!.

ئەم کۆمەڵە کەسە بەم کارەیان ڕێگەیەکیان هەڵبژاردووە کە دژ بە بزووتنەوەی کرێکارییە و بەم پێیەش هەموو ڕاستگۆییەکی خۆیان لەدەست داوە. پێویستە لەسەریان کەلەم کارو کردەوەیەیان بێنە دواوەو بەشێوەیەکی ڕەسمیش داوای لێبوردن بکەن. ئەگەر ئەمەیان کرد ئەوا بێشک هیچکەس ڕێگەی خەباتی هاوبەشی لەنیو یەکێتی شوراو... لێ

نەگرتوون، وە بواری یەکسان بۆ هەموو کەس فەراهەم کراوەو ئەوانیش وەک یەکیتیەکانی تر مافی بەشداریکردنیان لەکۆنگرەی ڕێکخراوەکەدا دەبێت.
گرفتی پێشنیارەکەی هاوڕێ ڕێبوار ئەوەیە کە ئەو هەموو دەستدرێژیانە نابینێت وە پێی وانیە ئەم کارانە دژی بزووتنەوەی کرێکاریە لە عێراقدا، ئەگینا شتێکمان لە پێشنیارەکەیدا دەبینی کە ئیدانەی هەموو ئەو کارانە بکات.

یەکێکی تر لە گرفتو دژایەتی پێشنیارەکانی هاوڕێ ڕێبوار ئەوەیە کە"اتحاد مجالس" بە بانگەوازێکی گشتی بۆ یەکگرتوویی چینی کرێکار بەهێزو یەکگرتوو نابێت، وەک چۆن بە یەکگرتوبوون و کارکردنی هاوبەش لەگەڵ ئەم کۆمەڵەکەسە ناچێتەپێش تا ئەوکاتەی کە لەو کارانە نەیەنە دواوە کە ئەنجامیان داوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی کەلای من هەیە تا ئێستا پێشنیارەکانی بەهیچ شوێنێک نەگەشتووە، وە هەمان ئەو کۆمەڵەکەسانە و بۆ درێژەدان بەهەمان کاری تێکدەرانەی خۆیان کۆبوونەوەیان ئەنجامداوەو سەرۆکێکی تریان بۆ ڕێکخراوەکە دیاریکردووە. هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەریدەخات کە چۆن ئەو پێشنیارانەی هاوڕێ ڕێبوار بووە پاڵپشتێک بۆ ئەوان، ئەگینا چۆن ئەوان لەسەرەتاوە بە پێشنیارەکە رازیبوون و بەڵام دواتر لێی پاشگەزبوونەوە. ڕەنگە پاش ئەوەی زانیان کە فلاح و هاوڕێکانی لەناو"اتحاد مجالس" پێشنیارەکانی هاوڕێ ڕێبوار قبوڵ ناکەن، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ "لایەنداری" پێشنیارەکانی هاوڕێ ڕێبوار کەئەوان وەک دەستکەوتێک بۆ خۆیان دەیبینن نەک پەرۆشی ئەوان بۆ پاراستنی یەکگرتوویی چینی کرێکار. هاوڕێ ڕێبوار مافی خۆیەتی بچێتە پشت ئەو خەتەی کەپێ وایە نوێنەرایەتی دەکات، بەڵام دانانی ئەم دوو تەرەفی کێشەکە و چاولێکردنیان وەک یەک و لەیەک ئاستا کارێکی دروست نیە.

ڕووی دەرەوەی مەسەلەکە لە جیاوازی کردەوەی هەردووسەری ناوکێشەکە خۆی دەردەخا، بەڵام ناوەڕۆکی کێشەو جیاوازیەکان دیدو بۆچوونی جیاوازمانە سەبارەت بە گەشەدان بە بزووتنەوەی کرێکاریی. من خۆم لەو کەسانە نیم کەهەر لە خۆوە ببمە پاڵپشتی کەسێک یان چاوپۆشی لە هەڵەکانی بکەم، بەڵکو خۆم بەلایەنگری ئەو خەت و مەیلە سیاسیە دەزانم  کە لەخەباتدایە بۆ بەهێزکردنی خەباتێکی چینایەتی کرێکاریی یەکگرتوو وە نوێنەرایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی وئوفق وجبهەتی دەکات لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی و ڕێکخراوە جەماوەریەکانیدا. لە ئێستادا من هاوڕێ فلاح علوان و هاوڕێکانی تری لە یەکێتی شوراو... بە نوێنەری ئەو خەت و جبهەتە سیاسیە دەزانم لەنێو بزووتنەوەی کرێکاریدا لەو کەسانەی تر، وە ئەمە مەسەلەی ئەسلیە لە ئێستادا بۆ من.

ناکرێت کەسێک ئەو کارە لە من قبوول بکات کە کارێکی سروشتیە و جیاوازی بیروبۆچونە بەڵام لەهەمانکاتیشدا چاوەڕوانی ئەوەم لێ بکات لەبەرامبەر کارە تێکدەرەکانی ئەو خەتەی کە پێموایە تێکدەرانەیەو من لەگەڵی نیم بێدەنگی هەڵبژێرم!. ڕەنگە لەهەردولاوە کاروکردەوەیەکی وا کرابێت کە ئێمە لەسەری بۆچوونی جیاوازمان هەبێت و هەریەکەمان پێمان وابێت کەئەم کارانە نائسولی و غەیرە کرێکارین، پێشێلکارین یان نا، بەلام ئەم کارانە لە ئێستادا گرنگ نین و نەچۆتە ڕۆبینایەکی کۆمەلایەتیەوە. گرنگترین باسێک کە ئێستا لەمەیدانی عەمەلی و لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی و تەنانەت لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیشدا خۆی دەهێنێتە پێشەوە ووامان لێ دەکات هەڵوێستەی لەبەرامبەردا بکەین ئەمەیە: کە ئێمە لە ماوەی ئەم چوارساڵەی پێشوودا ویستومانە لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا وەزن و ئیعتبار بۆ "اتحاد مجالس"  پەیدا بکەین، وە ئێمە دەیبینین کەچۆن ئەم ڕێکخراوەیە هەنگاو بە هەنگاو دەچێتەپێش، هەروەها دەبینین کە چۆن کۆمەڵە کەسێک نەک تەنها دیانەوێت ئەم ڕێکخراوەیە دووکەرت بکەن "پێشتر ئەم کارەیان کردو سەرکەوتونەبوون"، بەڵکو ڕێکخراوەکەش  تێکبشکێنن ولەبەرچاوی کرێکاران و کۆمەڵگەی بخەن و تەشهیر بە سەرۆکەکەی بکەن ولەسەرکاری لابەرن، هەموو ئەمانە لە پرۆسەی ئەوەی  کە ناوو ئیعتباری ڕێکخراوەکە بۆ خۆیان ببەن و بەردەوام بن لەم کارەیاندا !.

لەسەر هەموو ئەم شتانە ئێمە دەبێت بێینە وەڵام، وەهەرکەسیش ئازادە بۆخۆی ئەم هەڵسوکەوتانە چۆن هەڵدەسەنگێنێت، بەلام بەبۆچوونی من  ئێمە ئێستا هەرشتێک بڵێین لەسەر ئەم کارانە کاریگەریی خۆی بۆ چەند ساڵی ئایندە لەسەر بزووتنەوەی کرێکاریی دادەنێت. بۆ ئەوەی ئەم کەسانە جارێکی تر متمانەی کرێکاران بۆ خۆیان بگێڕنەوە پێویستە کە واز لەم شێوەکارانە بهێنن و ڕەخنەو ئیدانەی ئەم هەڵسوکەوتانە بکەن، وەتەنها ئەمەیە پێشمەرجی گێرانەوەی ئەو متمانەیەو دەرخەری ئەوەی کە ئەم کۆمەڵەکەسە بە واقعی یەکڕیزی چینی کرێکاریان دەوێت، تەنانەت ئەم هەڵوێستە بۆ کەسایەتی خۆشیان باشە.

## بناغە سیاسیەکانی کێشەکە:

ئەو کێشانەی کە ئێستا لەناو "اتحاد مجالس"دا خۆی دەردەخا وە بە تایبەت ئەم شێوەکارە تێکدەرانەیەو ئانارشیستیەی ئەم دواییانە ڕەنگدانەوەی شێوەکارێکی سیاسی دیاریکراوە کە بەرئەنجامی چەندین دەهە لە داخراوی سیاسی کۆمەڵگەی عێراقە. ئەمە کارکردو شێوەکارو تەنانەت کاریگەری ڕەوت و مەیلە کۆمەڵایەتیەکانی غەیرە چینی کرێکارن.
ڕاستیەکی تاڵ و ناخۆش لەمنێوەدا ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵە کەسەو ئەم شێوەکارە کۆدەتاییەو ئەم مەیلە تێکدەرانەیە لەژێر چەترو سوننەت و کارکردی چەپی ڕادیکالی سونەتی ناو حزب و بزووتنەوەی کرێکاریی خۆی دەژێنێت. ناتوانایی حزب لەدابڕان لەم شێوەکارەی چەپی ڕادیکالی سوننەتی وایکردووە کە کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی کرێکاریی یاخود ڕۆشنبیری سیاسی هەروا بەئاسانی کاری تێکدەرانەو دوولەتکردن لەناو اتحاد مجالس"دا ببنە پێشەوە بەمەش زیان بەم ڕێکخراوەیەو بەکەسایەتی فلاح علوان بگەیەنن.

بەدرێژایی ئەم دوو ساڵەی دوایی و لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی تەنانەت بچووکیش بووبێ کە "اتحاد مجالس" لە ئاستی بزووتنەوەی کرێکاریی نابێتی وەلەگەڵ بەدەستهێنانی هەر پلەیەک لە خۆشەویستی و ناوبانگێک لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی ولەدنیادا وەک ڕێکخراوێکی ڕادیکالی کرێکاریی و وابەستە بە ئاسۆکانی کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، ئەبینین کە ئەم کۆمەڵانەو ئەم مەیلە هەست بە خنکاندن دەکات و بۆ ئەو ڕێگریانە دەگەڕێ کە ئەم پێشڕەویانە سست بکات و دەوری ئەم ڕێکخراوەیەو کەسایەتی فلاح کەم بکاتەوە. خاوەنانی ئەم بۆچوونەو ئەم کەسانە بە ڕێگری ڕێکخراوەیی و دروست کردنی تەکەتولات و ئاژاوەوە نەوەستان، بەڵکو دەستیان برد بۆ ئینشقاق و سوکایەتی بە کەسایەتی فلاح علوان. بەکورتی ئەوان دەستیان برد بۆ هەموو شتێک هەر لە ووروژاندنی مەسەلەکانی ڕێکخراوەوە بگرە تا دەگات بە شتی زۆر تایبەت و شەخسیەوە کە ئەم مەسەلانە هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی و یەکگرتووی ڕیزەکانی و خەباتەکەیەوە نیە.

سونەتەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و بەها ڕێکخراوەییەکانی بنەمایەکی تۆکمەی هەیە لەناو حزبدا کە ئەتوانێت ڕێگە لەم کۆمەڵەکەسە بگرێت و کارە تێکدەرانەکانیان و کۆدەتاکەیان پاشەکشە پێ بکات. "اتحاد مجالس" بە کردەوەکانی ئەمانە دوولەت نابێت و نافەوتێت، ڕاستە ئەوان بەم کارانەیان گورزی خۆیان دا لە بزووتنەوەی کرێکاریی و "اتحاد مجالس" و حزب، بەڵام لەلایەکی تریشەوە فرسەتیان دایەوە دەست حزب و بزووتنەوەکەو کەوادرەکانی تا بێنە وەڵام و ئاڵای وەستانەوە بەرامبەر بەمانە ڕابگرێت و سنووری خۆی لەگەڵ سوونەتەکانی مەیلی چەپی رادیکال و کردەوە ناسیاسیەکانی لەسەر ئاستی بزووتنەوەی کرێکاریی بکێشێت.

ئێمە وەک حزب و بەدرێژایی چوار ساڵی ڕابردوو لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی و لە ڕێگەی "اتحاد مجالس"وە توانیومانە هەنگاوی گرنگ هەڵگرین، وەتوانیومانە کە بەرخورد بە"اتحاد مجالس" وەک ڕێکخراوێکی جەماوەری کرێکاریی سەربەخۆ لە حزب بکەین کە ئالیەتێکی کارکردنی سە ربەخۆی خۆی هەیە. ئەمە بۆ خۆی هەنگاوێک بوو بۆ دابڕان لە شێوەکارو کردەوەکانی چەپی رادیکالی سونەتی کە شتێک ناخوێنێتەوە ناوی ئالیاتی سەربەخۆی بزووتنەوەی کرێکاریی و ڕێکخراوە کرێکاریەکانەو ناتوانێت کاریگەریی سیاسی و مەعنەوی خۆی لە ڕێگەی کارکردن لەنێو ئەم ڕێکخراوانەو خەباتی ڕۆژانەو سروشتی کرێکارانەوە بباتە پێشەوە، بەڵکو خۆی بەسەر ڕێکخراوەکەدا ئەسەپێنێت. بەرەوپێشچوونی "اتحاد مجالس" لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی و ڕێکخستنی ریزەکانی کرێکاران سەهمی چەند هاوڕێیەکی کریکاري ناو ئەم ڕێکخراوەیەیە کە هەندێکیان کادرو ئەندامی رابەری حزبن. کێشە ڕێکخراوەییەکانی ناو "اتحاد مجالس"و هەوڵەکانی شەقکردن وسوننەتی ئەنارشیستی بەدرێژایی ئەم دووساڵەی دوایی زیاتر بەشێکبوون لە هەوڵەکانی مەیلی چەپی ڕادیکالی سوونەتی لەبەرامبەر ئەم مەیلە کۆمۆنیستیە کرێکارییەی حزب، نەک دەرئەنجامی کێشە ناوخۆییەکان و بەرژەوەندیە تایبەتەکانی ناو بەشێک لە هەڵسوڕاوانی کرێکاریی و غەیرە کرێکاریی ناو ڕێکخراوەکە. ئەم کێشمەکێش ووردە ناکۆکیانە هەمیشە لەناو ڕێکخراوێکی جەماوەریدا دێن و دەچن بەبێ ئەوەی ببنە هۆی شەقکردن و کاری تێکدەرانە ئەگەر لەلایەن چەپی ڕادیکالی سوونەتی ناو بزووتنەوەکەو حزبی ئێمەوە هێزو پاڵپشتی وەرنەگرێت بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا. ئەمەیە گرفتە بناغەییەکان و هەڵوێستی من لەبەرامبەر کێشەکانی ناو "اتحاد مجالس" و ئەو هەوڵە تێکدەرانەیەی کەلەئارادایە بەرامبەری . بەرای من هەرکەسێک ئەم لایەنەی مەسەلەکە نەبینێت، ناتوانێت هەڵسەنگاندنێکی گشتی لەسەر بزووتنەوەکەی ئێمە بدات و ناتوانێت ئەوە نەبینێت کە ئێمە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان چەندە پێویستمان بە خەباتێکی سەرسەخت و دژوار هەیە تا زاڵ بین بەسەر ئەم سوونەت و شێوەکارانەی چەپی سوونەتی و دەرگا بکەینەوە لەبەرامبەر بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەهێز کە بتوانێت بەشێوەیەکی زیندوو لەناو بزووتنەوەی کرێکاریی هەڵسوڕێت.

چەپی ڕادیکالی سوونەتی بەکردەوە ناتوانێت جڵەوی بزووتنەوەی کرێکاریی بگرێت، چونکە لەدەرەوەی ئەو پەیوەندیە زیندوەوەیە کە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی تیا گەشە دەکات. گرتنەدەستی ئالیەتی گەشەسەندنی خەباتی چینی کرێکارو ڕێکخراوە جەماوەریەکانی و هەڵسوڕان لەنێو ئەم ئالیەتەدا دەبنەهۆی گەشەسەندنی ئەو زەمینەیەش کە پەیوەندی زیندووی نێوان حزب و چینی کرێکار دروست دەکات.

ئەم مەیلە پێی وایە کە مادام خاوەنی "رادیکالیزمی سیاسی" خۆیەتی ئەوا ئەمە کافیە بۆ پێکهێنانی هەر ڕێکخراوێکی جەماوەریی کرێکاریی وەلەهەر کات و شوێنێکدا کە بیەوێت، وەئەگەر وا ڕێکەوت لەگەڵ ڕابەرانێکی کرێکاریی تووشی کێشە ببێت، ئەوا بەئاسانی دەتوانێت بیانخاتەلاوەو ڕێکخراوەکە تووشی دووکەرتبوون بکات ولەشوێنیدا ڕێکخراوەی تر پێکبهێنێت، وەک ئەوەی کەلە "اتحاد مجالس" بینیمان.

ئەم چەپە پەیوەندی نێوان حزب و چین درک ناکات و پێی وانیە کەئەم پەیوەندیە تەنها پەیوەندیەکی سیاسی نیە، بەڵکو پەیوەندی ڕەوتێکی سیاسی و مەیلێکی خەباتکارانەی ناو بزووتنەوەی کرێکاریە. یەکێک لە نیشانە دیارەکانی ئەوەیە کەچۆن ئەم مەیلە خەباتکارانەیە لەناو ڕێکخراوە جەماوەریە کرێکاریەکاندایة، لة هةمان کاتدا کة بۆ سەرخستنی هەژموونی خۆی بەسەر ڕێکخراوەکە کار دەکات، ڕێکخەرو ڕابەرایەتی نارەزایەتیەکانی کرێکارانیش  دەکات. چەپی ڕادیکالی سونەتی کاتێک لەم ڕێکخراوانەدا شکست دەخوات ئیتر ڕێگەی ئاژاوەنانەوەو تەکەتولات دروست کردن دەگرێتەبەر، بەمەش دەیسەلمێنێت کەلەدەرەوەی دایناميزمی بزووتنەوەی کرێکاریەو جارێکیتر ناتوانێت بگەڕێتەوە ناوی.

بنەمای شێوەکاری ئەم مەیلەو تەنگەژەکانی بەتەنها مەسەلەیەکی مەعریفی و دابڕاونیە لەکۆمەڵگەو چینەکان و گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ناوی. ئەم مەیلەو ئەم شێوەکارە چەپییە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە سیاسیەکانی خۆی وەسل دەکات بە بزووتنەوەی کرێکاریەوەو دەیەوێت کاری تیا بکات. بەڵام هەر زوو لەگەڵ نەریتە خەباتکارەکانی ناو بزووتنەی کرێکاریدا لەیەک دەدەن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر ئەم نەریت و شیوەکارەی چەپی سونەتی بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو جیاوازیە عەکس دەکاتەوە کەلە نێوان ئەم ڕەوتەو ڕەوتی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەسەر بزووتنەوەی کرێکاریی هەیانە.

ئەم چەپە لە ئێستادا زوعفی ناو بزووتنەوەی کرێکاریی دەبینێ، وەهەر ئەم زوعفانەشە گەشە دەدات بەم چەپە بەمەبەستی سەپاندنی تاکتیکە سیاسیەکانی خۆی. ئەم چەپە وا سەیری بزوتنەوەی کرێکاری ناکات کە دەتوانێت ببێتە هێزێکی سۆسیالیستی بەهێز کە بتوانێت گۆڕانکاریی لەتەواوی ڕۆبینای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەدا دروست بکات. ئەو خۆی پێی وایە کە دەتوانێت هەموو کارێک بکات چونکە پێی وایە بزووتنەوەی کرێکاریی و ڕێکخراوە جەماوەریەکان ئەو ئامرازانەن کە تاکتیکە سیاسیەکانی ئەو لە کۆمەڵگەدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەدیدەهێنن. بەم پێیە بزووتنەوەی کرێکاریی بۆ ئەم چەپە سوتەمەنی بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی پێکدەهێنێت، ئەو ئامانجانە ناتەبان لەگەڵ ئاسۆی گۆڕانکاریە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیەکان کەلە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەیەکی کرێکاریی بەهێز دێتەپێشێ و کۆمۆنیزمی کرێکاریی وحزب ڕابەرایەتی دەکات.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەو ڕەوتە سیاسیەیە کەبەبێ ئەو بزووتنەوەی کرێکاریی ناتوانێت گۆڕانکاریی سۆسیالیستی بەدەیبهێنێت. بەڵام جیاوازیەکی ئێجگار گەورە هەیە لەنێوان حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاریی کەلەخەباتدایە بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم و خۆشی لەپەیوەندیەکی زیندوودایە لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی لەگەڵ ڕەوتێکی ڕۆشنفکری سوونەتی کەنە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی کرێکاریەو نەئەشتوانێت بەشوێن گۆڕانکاریە ڕیشەییەکانی کۆمەڵگەوە بێت. لێرەدا من ناچمە سەر باسی بارودۆخی سیاسی ئێستای عێراق و تاکتیکەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی و حزب یان پەیوەندی ئەم تاکتیکانە بە بزووتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوە جەماوەریەکانەوەو تەنانەت پەیوەندی ئەمانە بە "اتحاد مجالس"ەوە. مەبەستی سەرەکی من لەم باسە ڕەخنەیە لەشیوەکاری چەپی سونەتی لەناو بزووتنەوەی کرێکاریداو ڕێگریەکانی ئەم مەیلەو شێوەی کارکردنی لەبەرامبەر پەلهاویشتنی مەعنەوی و سیاسی و ڕێکخراوەیی حزب لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا.

بزووتنەوەی کرێکاریی بەگشتی ولیژنە کرێکاریەکان وڕێکخراوە جەماوەریە کرێکاریەکان بەهەردوو شیوەکەی هەم نەقابی وهەم شورایی، ئەو شێوازە ڕێکخراوەییانەن کە خەباتی جەماوەری چینی کرێکار ڕێکدەخەن، وە ئەم ڕێکخراوە کرێکاریانە لەهەموو گۆڕانکاریە سیاسی و کێشمەکێشە چینایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە دەوری جۆراوجۆر دەگێڕن. ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە کەهەر کاتێک ڕیزی جەماوەری کرێکاران لە ڕێکخراوەیەکی جەماوەریدا یەکگرتووبێت، ئەوا ئەو

ڕێکخراوەیە باشتر دەتوانێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارو توێژەکانی بکات وئاستی خەباتی دژ بەدەسەڵات و چینە دەسەڵاتدارەکان پتەوتر دەبێت.

یەکخستنی ڕیزەکانی چینی کرێکارو برەودان بەخەباتی چینایەتی بۆ مەیلی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کارێکی چارەنوسسازە، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەمە ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە خەباتی رۆژانەی خۆیدا. رابەران و ئاژیتاتۆرەکان و هەڵسوڕاوانی کرێکاریی سەرەڕای جیاوازیە فکری و سیاسیەکانیان وەتەنانەت سەرەڕای ئەو جیاکاریانەی کە بۆرژوازی دەیسەپێنێت بەسەریاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ڕێکخستن و یەکگرتووکردنی چینی کرێکار. وەهەر ئەم هەڵسوڕاوانەن کە پێش هەر کەسێکی تر دەزانن و دەتوانن یەکگرتووی چینی کرێکار لەناو ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خۆیاندا بەدەستبهێنن، ئەوان تێدەگەن کەبەبێ ڕێکخراوەی جەماوەری کاریگەر ناتوانن یەکڕیزی کرێکاران و داواکاریەکانیان بەدەستبهێنن.

کاری تێکدەرانەو تەکەتولات دروست کردن و دووکەرت کردن خەسڵەتی ڕابەرانیکی کرێکاریی نین کەسەریان بەبزووتنەوەی کرێکاریەوەیەو لەهەوڵی ڕێکخستنی کرێکارانن بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان. ئەوەی ناوو ئیعتباری ڕێکخراوێکی ڕادیکالی کرێکاریی وڕابەرەکانی دەشێوێنێ وهەڵدەستێ بە " انشطار"، لەت کردنی، ئەوە خەسڵەتێکی کرێکاریی نیە، بەڵکو ڕۆشنبیرێکی سیاسیە کە لە ناوچوونی ڕێکخراویکی کرێکاریی جەماوری بۆ گرنگ نیە.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و پاش چواردەساڵ هێشتا لەهەوڵی ئەوەداین کە ببینە حزبێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوان، یەکێك لە دەرکەوتەکانی ئەم گورانکاریە ئەوەیە  کە بتوانین سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاریی خۆمان لە سونەتەکانی چەپی سونەتی جیابکەینەوە. وەهەر لەم ڕاستایەشدا وەرگرتنی هەڵوێستێکی کرێکاریی و مارکسیستانە دژ بە زەرەرگەیاندن بە "اتحاد مجالس" و رابەرەکانی و ئەو هەوڵانەی کەدەدرێت بۆ شەق کردنی یەکێکە لەو دووڕیانە چارەنووسسازانەی کە پێویستە بەشیوەیەکی کاربڕانە تێیپەڕێنین.

لەکۆتاییدا ئەو دەستدرێژیەی ئەم دواییانە بۆ سەر "اتحاد مجالس" و ڕابەرانی بەتایبەت لەم بارودۆخەی ئیستای عێراق و نەبوونی هیچ جۆرە ئەمنیەتێک کارێکی ئێجگار ترسناکەو دەرئەنجامی باشی بۆ بزووتنەوەی ئێمەی لێ ناکرێت و پێویستە بەزووترین کات بەری پی بگیرێت.
ئەم وەزعە پێویستی بەکاری جدی هەموانە. من لێرەوە داوا لە هەموو خەباتگێرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی کرێکاریی دەکەم کە بەزووترین کات بێنە ئەم جەدەلەوەو تا بەهەموو لا بتوانین پاشەکشە بەم مەیلە ناڕەحەتکەرەو ئەم شێوەکارە بکەین، وهەرۆەها بەشێوەیەکی سیاسی و ئسوڵی خەباتێکی فکری قووڵ بەدژی بەڕێبخەین ویەکێتی نێوان حزب و "اتحاد مجالس" و هاوکاری نێوانیان لەهەموو ئاستەکاندا پەرەپیبدەین.

2007/06/26